# دار کرمی لەخۆی نەبێت قەت ناڕزێ

**جەمال عەزیز**

**کورد،وەک هەموو گەلانی ئەم دنیایە خاوەن تایبەت مەندی خۆیەتی،وەک مێژوو،زمان،کلتور،جغرافیا،فەرهەنگی نەتەوەیی،کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی تر هەبووە وکاریگەری نەتەوەکانی تریش بەسەر گەلی کوردەوە دیارە،تاکو ئێرە ،مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئاساییەو هەموو کارێک کاردانەوەی هەیە.**

ئەوەی من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم زیاتر بەرچاو روونی هەبێت بۆ گشت لایەکمان تاکو بتوانین زیاتر شرۆڤەیی باسەکە بکەین ئەو قسەو باسە خراپانەیە کەدەرهەق بە گەلی کورد دەکرێت خەریکە دەبێتە دیاردەو گەلەکەمان لە ڕاستە ڕێی نەتەوەیی لادەدات، دەتوانین بە ئەنفالێکی تر ناوزەندی بکەین، ئەم ئەنفالە گەر ڕێگەی لێنەگیرێ و سنورێک بۆ بەرێوەبەرانی دانەنرێ، ئەوە دەبێت زۆر دڵنیابین گەر تێکڕایی گەلی کورد نەبات بۆ چاڵی مردن لەزۆرینە زیاتر زەرەرمەند دەبین.

دیاردەی حەرام کردنی شتە پیرۆزەکانمان،وەک جەژنی نەورۆز، یادی شەهیدەکانمان، یان تێکەڵ بوونی نێرو مێ، حەرام کردنی پۆشاکی کوردی و زۆر شتی تر،وەک دەم داخستنی ڕۆشنبیران، دانانی خەتی سور بۆیان، نەهێشتنی وتنی ڕاستیەکان،لەئەنفال وکیمیا باران و گۆری بەکۆمەڵ زۆر خراپترە، ئەمانەی باسم کرد لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێ و دەوترێ خۆیان لەنەتەوەی کوردن و خۆیان بەکورد دەزانن ،دوژمنەکانی گەلی کورد،هەرگیز سڵیان لەکوشتنی کورد نەکردۆتەوە،زۆر بەشانازیەوە باسیان لەکوشتنی ژن و منداڵی کورد کردوە، وێنەی خۆیان بڵاو کردۆتەوە وەک پاڵەوانی جەنگ، لەکاتی کوشتنی ئەو خەڵکە بێ تاوانە، کچی کەمال ئەتاتورک ئەو کاتی فڕۆکەوان بووە بەشانازیەوە دەگێڕێتەوە چەندێک خۆشحاڵ بووە کە توانیویەتی بە فڕۆکەکەی ئەو منداڵانە بکوژێ لەباوەشی دایکیانداو، شانازی دەکات توانیویەتی بە فڕۆکە ژن و منداڵی کورد بکات بەژێر دارو پەردووی خانووی ڕوخاوەوە، خۆی دەڵێ پێدەکەنیم کاتێک دەمبینی باش لە خاڵی دیاری کراوم دەدا، ئەم تاوانانەی دەوڵەتی تورک ئەنجامی داوە لە شاری دێرسیم لە باکوری کوردستان.

دەوڵەتی شاهنشایی ئێران بەکوشتنی پێشەوا قازی محەمەد و هاورێکانی شانازی دەکات،لەکاتێکدا قازی وهاورێکانی بانگهێشتی فەرمی دەوڵەتی ئێران بوون بۆ تاران تاکو چارەسەری کێشەی کورد بکەن،ڕژێمی کوماری ئیسلامی ئێران کەمتری نەکردوە لەتاوان دەرهەق بەنەتەوەکەمان.

سەدام ورژێمەکەی بەعسی عێراق نموونەی دڕندەیی دوژمنانی گەلی کوردە،لە تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال وکۆڕی بەکۆمەڵ، قەسابخانەکەی شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستانمان شاهیدی تاوان ودڕندەیی ڕژێمی بەعسی سوری دەردەخات، ئەو ئەسەدەی کە تەنها لەئاست گەلی کورد شێر بوو،ئەوەتا دەبینین لەئاست جولەکەو دەوڵەتی ئیسرائیل،لەڕێوی ڕێوی ترە، زیاتر لە ٤٠ ساڵە خاکی وڵاتەکەی داگیر کراوە لەلایەن دەوڵەتی جولەکەوە بەڵام نەک هەر نەیتوانیوە ڕزگاری بکات،بەڵکو بەهیچ شێوەیەکیش باسی ناکات، ئەمانەی باسمان کرد دڵۆپێکن لەو دەریایی تاوانانەی کە دوژمنان بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامیان داوە، دوژمن باش دەزانێ کورد بەکوشتن و خاک سوتان لەناو ناچێ، ئەوەتا کورد هەر ماوەو ئێستا زیاتر لە جاران کورد وەک گەلێکی نەمر دەناسرێ،دوژمنان بۆ دژایەتی گەلی کورد ئەمجارەیان بەبەرگێکی نوێ لەڕێگەی دین دژایەتی گەلی کورد دەکەن، دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە بەختی ڕەشی خۆیان تاقیبکەنەوە، دەیانەوێ لەهەموو بەها پیرۆزەکانمان دورمان بخەنەوە،من ئەم دژایەتیە زۆر بەترسناک ترین دوژمنکاری دەبینم ،لەڕێگەی مەلای بەکرێ گیراو، ئەڵقە لەگوێێ سەلەفی و تەکفیری و جیهادی دەیانەوێ مێشکی لاوەکانمان بەجۆرێک بسڕنەوە،کە زۆر مەحاڵ بێت جارێکی تر بتوانین فۆرماتیان بکەینەوە. تەنها چەژنی نەورۆزمان ماوە کەئێمەی کورد شانازی پێوە بکەین ئەوەشمان لێحەرام دەکەن گوایە جەژنی ئاگر پەرستانە،دوژمن باش دەزانێ ئێمەی کورد ئاگر پەرست نین،بەڵکو ئێمە ئاگرمان خۆش دەوێ لەبەر ئەوەی سەرچاوەی وزەیە،ئاگر سەرچاوەی ڕوناکی و پاکبوونەوەیە،ئاگری نەورۆز لەدوورو نزیکەوە هیچ پەیوەندیەکی بە عەرەب و مسوڵمانەوە نیە،عەرەب ئاگری بۆچیە لەکاتێکدا عەرەب لەناوچەیەکدا دەژین کە گەرمەو زۆر پێویستیان بەئاگر نابێ،کورد زۆر پێداویستی بەئاگر بووە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ساردی هەیەو هەر ئەمەش بۆتە هۆی دۆزینەوەی ئاگر لە خاکی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا.

دوژمنەکان ئەمڕۆ ئاگری نەورۆزمان لێحەرام دەکەن، گەر بۆیان بچێتە سەر، جامانەو کڵاو، ڕانک و چۆغەو، پشتوێن و کڵاشی پەڕۆ و جلو بەرگی ڕەنگاو ڕەنگی ئافرەتانی کوردیشمان لێحەرام دەکەن ،لەبەر ئەوەی حەزرەتی محەمەد لەکاتی خۆیدا ئەم جلوبەرگانەی نەپۆشیوە، کەواتە دەبێت تەنها دشداشەو عەگاڵ لەسەر بکەین.

دوژمن لەڕێگەی بەکرێ گیراوی جەماعەتی فەتحولاگولەنی تورکیاو تەکفیریەکانی وڵاتی سعودیە دەیانەوێ گەنج و لاوی وڵاتەکەمان بەجۆرێک لەخشتە بەرن کە نەعلەت لە باپیرانی خۆیشی بکات لەبەر ئەوەی مسوڵمان نەبووە، بەمەرجێ مسوڵمانەکان خۆیان پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە گوایە عەبدوڵڵە و ئامینەی دایکی پێغەمبەر چوونەتە بەهەشتەوە لەبەر خاتری محەمەد خوداوەند لە گاوری بوونیان خۆش بووە، بەمەرجێ هێشتا ڕۆژی کۆتایی نەهاتووەو ڕۆژی حەشر دەستی پێنەکردووە. ئەمەیە دەتوانین بڵێین بانێکەو دوو هەوا.

مەلای بەکرێ گیراو بەگەنجەکانمان دەڵێن ئەگەر شانازی بە باپیرانتانەوە بکەن ئەوە لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێن،لەبەر ئەوەی باپیرانتان گاور بوون، لەکاتێکدا هەموو مسوڵمانان سانازی بە ئەبوو سفیان و ئەبی هرێرە (باوکی

پشیله) دەکەن. دوژمن سود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیاو بەکارهێنانی حەرام دەکات لەئێمەی کورد لەبەر ئەوەی دەستکردی گاورانە، بەڵام خۆیان بەتەکنەلۆژیایی سەربازی و دروستکراوی گاوران لەناومان دەبەن و کۆمەڵ کوژمان دەکەن،هەر مەلایەکی دەبەنگ دەبینی کۆمپیوتەر و سەتەلایت و تەلەفیزێون و مایک وکامێرای هەیەو بەکاری دەهێنێ، بەڵام بۆ ئێمەی کورد بەحەرامی دەزانێ، دەبێ بپرسین ئەی مەلای ساختەچی، ئەگەر تۆ کۆمپیوتەرو فەیسبوک و هۆتمایل و یاهۆت نیە چۆن ئاگاداری ئەم هەموو گۆرانکاریانەیت کە لەزەهنیەتی مرۆڤەکان دروست دەبێت ، چۆن ئاگاداری دەنگو باسی ڕۆژانە دەبیت.

دەیانەوێ ئێمە تەنها شانازی بەجەژنی قوربانەوە بکەین،ئێمەی کورد ڕێز لەجەژنی قوربان دەنێین،لەبەر ئەوەی یەکەم کورد مسوڵمانەو دووەم لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد ڕێز لە یادو بۆنەی خەڵکانی تر دەگرین چونکەدەزانین مرۆڤ شایەنی ڕێزە نەک سوکایەتی پێکردن، هەروەها باش دەزانین جەژنی قوربان هیچ پەیوەندیەکی بە مسوڵمانەوە نیە، زیاتر لە٤٠٠٠ ساڵ پێش ئیسلام و محەمەد ئەم یادە هەبووە، ئێمە میللەتێکی دەمارگیر نین، بەڵام دەبێت بپرسین ئەگەر حەزرەتی ئیبراهیم باوکی پێغەمبەرەکان بێت،زیاتر لە ١٧٠٠ ساڵ پێش حەزرەتی موسا بێت کەواتە زیاتر لە ٤٠٠٠ ساڵ پێش ئیسلام بووە، هەروەها باش ئەو ڕاستیەش دەزانین کە چەژنی قوربان لەئەنجامی ناردنی مەڕێکەوە بووە لەلایەن خوداوەندەوە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم لە کاتێکدا دەیویست ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێت و بیکات بەخێر بۆ خوداکەی خۆی، ئەگەر ئەمە چیرۆکی جەژنی قوربان بێت، کەواتە چی پەیوەندیەکی بەمسوڵمانەوە هەیە تاکو بەزۆر دەیسەپێنن بەسەر ئێمەی کوردا،جەژنی قوربان وەک کلتوریکی خەڵکی ئەو ناوچەیە ماوەتەوەو ئیسلام پاش هاتنی نەیتوانیوە ئەو کلتورە دێرینە بسڕێتەوە، هەر بۆیە لەناو چیرۆکەکانی قورئاندا جیگەی بۆ کراوەتەوە،کەچی ئەمڕۆ لەڕێگەی مەلای بەکرێ گیراوەوە، جەژنە نەتەوەییەکانمان لێحەرام دەکەن.

باشە بائێمە بپرسین ،ئەگەر ئێمەی کورد وەک لقێکی ئاریایی و خاوەن شارستانیەتی میزیۆپۆتامیا شانازی بەکلتوری نەتەوەیمان بکەین و دوژمنان لەڕێگەی تەکفیریەکانەوە لێمان حەرام بکەن ،گەر دوژمنایەتی گەلی کورد نیە،ئایە؟ چی مانایەکی تر دەبەخشێ، کەواتە با هەمووومان دەست لەناو دەست بنێین بۆ پاراستنی کلتوری نەتەوەیمان چونکە کلتورو مێژوو، زمان و فەرهەنگ، دەتوانێ ئێمەی کورد لە ناوچوون بپارێزێ.

**بژی کورد،، بژی کوردستان،، بژی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی. پێشینانمان دەڵێن برا لەپشت برا بێت مەگەر قەزا لای خوا بێت.**